# پێوانە رەخنەییەکان لەئەدەبی کلاسیکی کۆندا
# [یۆنان و رۆمان] بەنموونە

پ.د دڵشاد علی محمد
زانکۆی سلێمانی/کۆلیجی زمان

م.سعید محمد عبدالله
زانکۆی چەرمو/کۆلیجی پەروەردەو زانستە سروشتییەکان

پێشەکی :

رەخنە خۆی لە خۆیدا میکانیزم و کایەیەکە ، تێیدا بەرهەمەکان لەزاخاو دەدرێت و لەڕێگەیەوە بەرهەمی تەواو دروست لەنادروست جیادەکرێتەوە، بەواتایەکی دی رەخنە بەها دەبەخشێتە دەق ، ئیدی ئەو دەقە هەرجۆرێك بێت، لەم سۆنگەیەوە ، خودی رەخنەو کارەکەی ، لەلایەك ، جۆرەکاریزمایەکی پێ دەبەخشێت، لەلایەکی ترەوە، کارێکی گران دەکەوێـتە ئەستۆی رەخنەگر.

ئەم لێکۆڵینەوە پێکهاتووە لەدووبەش:

لەبەشی یەکەمدا، باس لە چەمك و پێناسەی ڕەخنە کراوە، دواتر پێوانە رەخنەییەکانی ئەدەبی یۆنانی بەوردی خراوەتە ڕوو، لەبەشی دووەمیشدا پێوانە رەخنەییەکانی ئەدەبی رۆمانی باسکراوە، تاوەکو لێرەوە بنەمایەکی دروستی رەخنەو پێوانەو پێوەرەکان بەخوێنەر بناسێنرێت.

گرنگی بابەتەکە :

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە ، کە تیشك دەخاتە سەر پێوانە رەخنەیەکان لەئەدەبی یۆنانی و رۆمانیدا ، کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە دووتوێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دا نەخرابێتە ڕوو، لەگەڵ ئەو ئاراستانەی ، کە ئەم میتۆدە رەخنەییە گرتویەتیە خۆی .

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لەبەرئەوەی باس لە مێژووی رەخنەی یونانی ورۆمانی دەکەین، بۆیە میتۆدی مێژویی ، وەسفی شیکاریی بەکارهێنراوە.

سنوری لێکۆڵینەوەکە:

مەبەستمانە لەرێی میکانیزم و شێوازی کارکردنی فەیلەسوف و رەخنەگرە یۆنانیەکان ورۆمانیەکانەوە پێوانە رەخنەییەکان دیارییکەین، تاوەکو لێرەوە بە میکانزیم و شێوازیکی تر کار لەسەر دەق بەپێی قوتابخانە رەخنەییەکان دیاری بکەین.

بەشی یەکەم:

چەمك و پێناسەی ڕەخنە

ڕەخنەی ئەدەبی ، بریتییە لە هەڵسەنگاندن و تەتەڵەکردن و راڤە کردنی دەق، یاخود هونەری ڕاڤەو لێکدانەوەی کارەئەدەبییەکانەوچێژ و توانستی ڕەخنەگر کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەکەو لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکان دەبێت، هەموو ئەمەش لەپێناو دیاریکردن، یان بڕیاردان و جیاکردنەوەی باش وباشترلە خراپ و لە خراپتر ، بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی هەم هۆیە ، هەم ئامانج.

وشەی ڕەخنە لە وشەی( Kritike )ی گریکی و (Crticism)ی ئەوروپییە هاتووە، وشەکەش لە بنچینەدا دوو واتا ئەبەخشێت:

١-جیاکردنەوە، یان شیکردنەوە.

٢- حکومدانو هەڵسەنگاندن. (١)

بە واتای حکومدان بەسەر شتێك، ڕووداو ، کردەوە ، تیۆر، بەرهەمی ئەدەبی، وتاردان ... تاد هاتووە، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی دەرخستنی لایەنی باشو خراپی بەرهەم بەکارهاتون.

زاراوەی (النقد) لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا، بەسێ واتای سەرەکی بەکارهاتووە:پێدان ، یان عەیب لێگرتن ، یان جیاکردنەوەی پارەی قەڵب لە پارەی نا قەڵب، وەك شاعیر دەڵێت:

«تنفی يداها الحصی فی کل هاجره

نفی الدراهم تنقاد الصياريف(٢).

کەواتە»واتای وشەی ڕەخنە بریتییە لە جیاکردنەوەی گران لە هەرزان»(٢) بەم پێیەش بێت هەر لەسەرەتاوەو لەگەڵ ئەدەبدا سەریهەڵداوە، بۆیە ئەدەب و ڕەخنە دوانەیەکن ناتوانرێت لەیەکتری جیابکرێنەوە.

پێوانە رەخنەییەکان لەئەدەبی یۆنانیدا

وەك ئاشکرایە، رەخنەی ئەوروپی مێژوویەکی کۆنی هەیە ، سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ رەخنەی یۆنانی ورۆمانی، بەگشتی ئەو پێوانە رەخنەییانەی ، کە بۆ ڕەخنەی کلاسیکی دیاریکراون ، بریتیین لە بۆچوونی ئەو نوسەر و ڕەخنەگرانەی ، کە لەسەرەتای ڕەخنەوە تاوەکو ئەمرۆ، بە تێڕوانینی جیاواز خراونەتە ڕوو ،لەناوئەمانەشدا فۆکەس خراوەتە سەر هەڵسەنگاندن ، یان بڕیاردانی رەخنەگرەکە لەسەر دەقەکە بۆنموونە.

ڕەخنەی یۆنانی

١- ئەرستۆڤان(٤٤٦-٤٤٨-٤٥٠/٣٨٠-٣٨٥-٣٨٦)

بەپێی مێژوو، یۆنانی کۆن لانکەی لە دایکبوونی چەندەها جۆرە زانستەو ڕەخنەی ئەدەبیش یەکێکە لەو زانستانە، چونکە سەرەتا ساکارییەتی ڕەخنە یەکەمجار لە کارە کۆمیدییەکانی نوسەری بەناوبانگ (ئەرستۆڤان)دا دەردەکەوێت.

« (ئەرستۆڤان) ، یەکێکە لە نوسەرە بەناوبانگەکانی شانۆی یۆنانی کۆن، ئەم نوسەرە لە هەردوو بواری مەرگەسات (تراجیدیا)و بەزمەسات (کۆمیدیا) بەرهەمی نوسیوەو بە یەکێك لە پێشەنگەکانی شانۆی یۆنانی کۆن دادەنرێت.»(٣)

بەگشتی ئەو پێوانانەی ، کە (ئەرستۆڤان) بەکاریهێناون بریتین لە :-

(أ)-پێوانەی کۆمەڵایەتی :

(ئەرستۆڤان) ، پێیوایە ئەدەب جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەخنەگرتن، لەو چوارشێوەیەشدا نووسەر دەتوانێت لە ڕێی دەقەکانییەوە، هەندێك ڕەخنە ئاراستە بکات، یان پێشکەش بکات ، بەم جۆرە رەخنەیە دەوترێت (ڕەخنەی ناودەق)، هەندێك جاریش هانای بۆ ڕەخنەی سەتیر بردوە ، ئەمەش جۆری ئەو رەخنەیەیە،کە لەسەر بنەماو پێوەری کۆمەڵایەتی ئەنجامی داوە ، چونکە سروشتی وابووە، بۆیە شێوەی ڕەخنەگرتن و گاڵتە پێکردنی ئەرستۆڤان، تواناو کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، چونکە شانۆی( هەورەکان ) (nephelai) ، هەجوی سۆکراتی هاوڕێی دەکات، هەروەها لە شانۆگەری (بۆقەکان)یش (batrakhoi) ، کە لەبارەی ڕەخنە و هەجوکردنەوەیە، ئەوە

پیشاندەدات ، کە گەورەترین دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە و گەورەترین شاعیر لە زمانی پارێزراونین ، کەواتە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاربوون بۆ بڕیاردان.

«(ئەرستۆڤان) لەو شانۆگەریەدا هێرش دەباتە سەر (سوقرات) وکەسانی تر (سۆفستاییەکان-سفسگس (چەنەبازی) sophistes)(*)ەکان، چونکە مێشکی لاوان تێکدەدەن، هەرچەندە ئەرستۆڤان لەم شانۆگەریەدا خۆی وا دەرئەخات، کە سەر بە بیرو بۆچوونی کۆنە». (٥)

(ب)- پێوانەی ئاینی :

ئەم شانۆنامەیە(بۆقەکان)، لە هەمانکاتدا هەجو نامەیەکی مەزهەبیەو بە درێژای ژیانی ئەم شاعیرە، ڕەخنەی سەتیری لە بەرهەمەکانیدا دەبینرێت و گاڵتە بە ( دیۆنیسیۆس ) ی خوای شەراب دەکات ،لێرەشدا پێوانەی ئاینی بەکاردەهێنێت، چونکە بەپێی روانینە ئاینەکان خواوەندی شەراب پێگەیەکی بەرزتری هەیە لەچاو خواوەندەکانی تردا،ئەمەش هۆکارن بۆ هەڵسەنگاندنی خواوەندەکان.

بۆنمونە: شانۆگەری هەورەکان(the clouds) ، کەلە ( سەدەی ٥ پ. ز) نوسراوە، بابەتێکی گاڵتە ئامێزە بەسۆکرات و فەلسەفەکەی، کە تێیدا باس لە پیاوێکی پیری دەوڵەند دەکات بە ناوی (Strapsiadesستریبسیادیس)، کە کوڕەکەی ناوی Phidippides و تا سەرئێسقان قەرزارە، باوکی لەپێناو رزگارکردنی لەم کێشەیە ، هانا بۆ سۆفستاییەکان دەبات، چونکە وای بیستبوو ئەمان دەتوانن راستی و ناڕاستی ئاشکرابکەن، بۆیە پیاوەکە دەچێت بۆ ئەو شوێنەی، کە بیرمەندەکانی لێکۆدەبوونەوە، کە لە بنچینەدا (سۆکرات) دایمەزراندووە، بەڵام فێربوون هیچ سودێکی بۆ پیاوە پیرەکە نابێت، بۆیە کوڕەکەی دەنێرێت، دوای خوێندن دەگەڕێتەوە لای باوکی و وردەوردە دەستدەکات بەلێدانی باوکی و دواتر دایکی، باوکی ئەمە، وەك بنچینەی ئاکار دەزانێت ، بۆیە باوکی پێیوایە (سۆکرات) وایلێکردووەو بیری تێکداوە، هەور لای سۆکرات و خەڵکی یۆنان لە جێگەی خوداوەندە .(٦)

لە شانۆگەری (بۆقەکان) (The Frogs) دا باتراخوی ( بۆقەکان) (Batpaxoi) دا: هەوڵیداوە کێشەی شیعری کۆن و نوێ چارەسەربکات، بۆئەو مەبەستەش ئەسخیلۆسی(٧) Aeschylus ،وەك هێمای کۆن وەرگرتوەو یۆرپیدس Euripides یشی ، وەك هێمای شیعری نوێ وەرگرتوە(٨)، ئەرستۆڤانس خواستی بەلای ئەسخیلۆسدا بوو، بۆیە دەیوت: خەیاری شاعیران مردوەو تەنها ناڕەسەنەکان ماون»(٩) شاعیرەکان گەلای بێ سەمەرن، باڵۆنی بەتاڵن و لە هەوادا باڵدارەکان کون کونی دەکەن، ئەم شانۆگەرییە گاڵتەکردنە بە هەر دوو شاعیری نەمر( ئەسخیلۆس و یۆرپیدس)، دیۆنسیۆس Dionysus خوای تراژیدیا (ڕەشپۆشی مردنییەتی) ، کە یۆرپیدسی کوشتوە، هەوڵی گەڕانەوەی دەدات بۆ ژیان، دادەبەزێت بۆ جیهانی خوارەوە چاوی بە هەردوو شاعیر(ئەسخیلۆس و یۆرپیدس) دەکەوێت، هەریەکەشیان هەوڵدەدات لەوی تر بەهێزترو شیاوتربێت بۆ گەڕانەوە، (دیۆنیسیۆس) دەبێتە دادوەریان، بەهۆی ئەمەشەوە مەبەستە سەرکییەکەی ، کە بۆی هاتبوو لەبیری دەچێتەوە، بۆیە بەڵێندەدات براوەیان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەسینا، چەند کارێکی هونەری و شیعریان دەخاتەبەردەم، دواتر حەیران دەبێت لە هەڵبژاردنی یەکێکیان، بەڵام دواجار ئەسخیلۆس هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ ئەوەی هاتوە بۆ گەڕانەوەی یۆرپیدس»(١٠) کەواتە لێرەشدا ئەو پێوانانەی کەلەشیعری کۆندا هەبوون وەیان ئەو پێوانە ئاینیانە بۆ شیعری دانابوو (ئەسخیلۆس) جێبەجێکرد ، بۆیە لەگەڵ بەرهەمی یۆرپیدسی دەدا بۆ گەڕانەوەی ، بەڵام ئەسخیلۆسی هەڵبژاردوو چونکە لەدەروونی هێزە ئاینیەکەی پاڵنەر بوو بۆ گەراندنەوەی ئەسخیلۆس .

٢-سۆکرات :

بیرو بۆچوونەکانی سۆکرات لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبیەوە، وەك هەموو مەسەلەکانی تر، پەیوەستە بە بیروبۆچوونی ئەفلاتونی خوێندکارییەوە، یاخود لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئەودا تێکەڵبوون و هەروا بە ئاسانی جیاناکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێك نوسینی ئەفلاتوندا بە گشتی دەقی ( پارێزگاریکردن لە سۆکرات )دا، دەتوانین بیروباوەڕی ئەم فەیلەسوفە گەورە ئاکاریە، لە بارەی شیعرەوە بزانین ، هەروەکو لەم دەقەدا دەڵێت» هەموو هەوڵ و کۆششێك، لەپێناو گەیشتن بە ڕاستی، مانای هاواری غەیبی بەجێبهێنم و بۆ ئێوەی باسبکەم، دوای ئەوە ناوی خەڵکی و دەوڵەتم بینی ، بە خزمەتی شاعیران گەیشتم ، دڵنیابوون لەوەی ، کە نادانی من بۆ ئەوان ئاشکرادەبێت، لەم ڕووەوە لە ئەنجامی بیری شاعیران ئەوەی زیاتر لە نوسراوەکاندا نوسرابوو بۆیانم خوێندنەوەو لەپێناو

بەدەستهێنانی زانیاریدا ، واتای وشەکانیم پرسی، ئەی ئەسینییەکان شەرم دەکەم ، واقیعی حاڵەتێك بڵێم، بەڵام ناچارم و دەیڵێم، کە هەموو ئامادەبووان باشتر لە شاعیران سەرنج لە شیعرەکانیان دەدەن و لە بابەتەکەی دەکۆڵنەوە، بە زوویی زانیم کە مایەی قسەی شاعیران زانست نییە ، بەڵکو وتەکانیان لە هەندێك سۆزی سروشت و شەوق و زەوقەوە سەرچاوەدەگرێت، وەك ئەوەی کە کاهنان و خەڵکی بە پەرۆشەوە دەبیزرێن، وشەی شیرین لە زمانەوە دەردەچێت ، بەڵام خۆیان تێناگەن چی دەڵێن ، لەوە تێگەیشتم کە بەهۆی ئەو شیعرانەی دەیرازێننەوە، خۆیان بەزاناترین خەڵك دەزانن و خەڵکی تر هیچ نازانن ). (١١)

لەمەوە دەتوانین ئەوە هەڵیهنجێنین بە گشتی ،کە( سۆکرات) یەکەمین کەسە پەی بەوە بردوە، کە هێزی تێگەیشتن و ڕەخنەی شیعر، لەگەڵ هێزی داهێنان و ڕێکخستنی دەقدا جیاوازی هەیە و ڕەخنەگری شیعر لە شاعیرەکەی باشتر دەیناسێت، لەم ڕووەشەوە هەندێك بنچینەو سەرچاوەی هونەری و ڕەخنە لەم گفتوگۆیەی سۆکراتدا خراوەتە ڕوو.

(أ)-پێوانەی ئاکاری :

«سۆکرات، شیعرو تەواوی پیشە هونەرییەکانی تر، لە ڕوانگەی ئاکارەوە سەیر دەکات .لەم ڕووەوە لە بارەی بەهای شیعر لە ڕوی پرەنسیپ و بنەمای ئاکارییەوە، بڕیاری لەسەر ئەدات، لە ڕوانگەی سۆکراتەوە غایەو ئامانجی هونەرەکانی وەك شیعر دروسکەری چێژو خۆشیە»(١٢) کەواتە شاعیر تەنها هەستیی بیردەکاتەوە و عەقڵی وەلاناوە ، ئەمەش ڕۆڵی لەسەر ژیان نابێت و لەسەر بنەمایەکی ترە،هونەر و کاری هونەری سەروکاری لەگەڵ چاکە و باشەدا نییە و (سۆکرات) لەم ڕووەوە ، کە شیعر بە بێسود دادەنێت، تەنانەت جوانییەکەشیان وەلادەنێت، بۆیە هەندێ جار جوانی و سودمەندی لەیەك جیاناکاتەوە و بڕوای وایە ئەوەی سودی نییە، ناتوانێت جوان بێت ، کەواتە پێوانەی سۆکرات پێوانەی ئاکاری بەکار هێناوە و تێدا دەبێت شاعیر ڕاستگۆ بێت لەگەڵ کردە عەقڵیەکاندا و ئەوشتانەی کە دەیڵێت دەبێت شیاوی جێبەجێکردن بێت لە خودی خۆیدا ، بۆ پێوانەی عەقڵی وئاکاری بەکارهێناوە.

(ب)- پێوانەی عەقڵی :

دەتوانین ئەوە هەڵهێنجێنین کە ( سوکرات) بەگشتی یەکەمین کەسە ، کە پەی بەوە بردووە هێزی پێگەیشتن وپێوانەی ڕەخنەی شیعری لەگەڵ هێزی داهێنان و ڕێکخستنی دەقدا جیاوازی هەیە و، ڕەخنەگری شیعر ، شاعیرەکەی باشتر دەناسێت ، بەگشتی خاڵی دەستپێکردنی(سۆکرات) بریتییەلە گەڕان بەدوای مەعریفەدا، چونکە وای دەبینێت مەعریفە ناتوانێت بنەمایەکی ڕاست بوەستێنێت ، ئەگەر پێشتر لێنەکۆڵرابێتەوە لەرێگەی گەیشتن بەمەعریفەوە بەهەمان شێوەش ئاکار ئەگەر ڕێگەی زانستی بۆنەگریتە بەر ، کەواتە یەکەم مەعریفیە و دووەم، ئاکارە.

هەرلەم ڕوانگەیەشەوە ، وتەکانی ئەم هەقیقەتە دەسەلمێنن ، بۆنموونە :

«١- هەموو مرۆڤێك ئەگەر ژیری بەکاربهێنێت دەگاتە ڕاستییەفەلسەفییەکان وکۆیلەکانیش هەمان ژیرییان هەیە.

٢-تەنها یەك شت دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە هیچ شتێك نازانم.

٣-زانین مرۆڤ چاکتر دەکات، ئەم زانینەشم لە زۆر کەسدا بەدی نەکرد، هەرلەبەر ئەمەشە کە دەڵێت(سۆکرات) فەلسەفەی هێنایە سەر زەوی و خەڵکی ناچارکرد بیر لەژیانی چاك و خراپ بکەنەوە.(١٣)

٣- ئەفلاتون :

(ئەفلاتون) بۆچوونەکانی لە چوارچێوەی دیالۆگەکاندا خستوەتەڕوو، بۆیە قەسەکردن لەسەر بۆچوونی ئەفلاتون، پێویستی بەخوێندنەو لیکدانەوەی تەواوی دیالۆگەکان هەیە، (ئەفلاتون) لە دیالۆگەکاندا هەموو جارێك بابەتی سیاسی وئاکارو میتافیزیك وپەروەردەو فێرکردن ...تاد و بیروبۆچوونی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی خستوەتەڕوو، ئەم دیالۆگانەش تێکەڵەیەکە لە بۆچوون و پەروەردەکردن و کەسایەتی هاوبەشی (سۆکرات) و (ئەفلاتون)، واتە سۆکرات کەسایەتیکی دەمامکداری نێو دیالۆگەکانە، ئەو بابەتانەی کە کەسایەتییەکان دیالۆگی لەسەری دەکەن، بریتین لە وتاردان ، وەك لە «دیالۆگی جۆرجیاس و فایدروس، بنچینەی زمان، وەك لە دیالۆگی کراتولوس، فێرکردنی سۆفستاییەکان، وەك لە دیالۆگی بروتاکۆریاس، لێکدانەوەی جیاواز بۆ شیعر، وەك لە دیالۆگی ئەیۆندا»(١٤)، جگەلەمانەش لە (کۆمار)

و (یاساكان) دا باسی لە ڕێڕەوی ئایدۆلۆژی و مەسەلە گشتیەكان كردوە.

(أ)-پێوانەی كۆمەڵایەتی :

شایانی باسە، (ئەفلاتون) لەمەسەلەی ژندا كەوتۆتە ژێر كاریگەری پێوانە كۆمەڵایەتیەكانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیدەدا لاوەكان فێری هونەری گوزارشتكردن لە دەروونیان بن، هەروەها لە دیالۆگە فەلسەفیەكانیشدا شێوازی نواندنی بەكارهێناوەو ڕێگەش بە دەربڕینی رای بەرامبەرو هەستەكان، كە لەوكاتەدا باوبوون دەدات، بۆنموونە هێرش دەكاتە سەر كەسایەتی ژنان، كە لەسەر شانۆكاندا لەشێوەی سۆزانی و ئاژاوەگێڕو خیانەتكاردا......تاد. دەردەكەوتن» .(١٥)

جگەلەمەش بۆ شاعیرەكانیش هەمان پێوانەی بەكارهێناوە ، چونكە پێی وابوو شاعیرەكان دەزانن چۆن یاری بە هەستە لاوازەكانی خەڵكی نەزان و نارۆشنبیر بكەن ، لەهەمانكاتیشدا لەناو خۆشیاندا بێعەقڵی و چێژی نادروست و لادان لە یاساكانیان پەروەردەكردوە،هەروەها پێیوایە، نە لە شیعری هۆمیرۆس و هیسیۆدۆس و نە هی شاعیرێكی تردا، بنەمایەك بەدیناكرێت ، كە بۆ بەرنامەی فێركردن بشێت، هەروەها دژی ئەو بوچوونەشە، كە (هۆمیرۆس) لەهەموو ڕوانگەیەكی ژیانەوە، مامۆستای مرۆڤایەتی خاوەنی مەعریفەی مرۆیی و خواوەندی و رابەریی مرۆڤایەتی بێت، ئەمەش بیروبۆچوونێكی كۆنەو بەكەڵكی سەردەمی (ئەفلاتون) نایەت.

(ب)-پێوانەی ئاینی :

لەبەرئەوەی ئاین كۆمەڵێك داستانی دیاریكردووە بۆ چینەجیاوازەكان ، بۆیە ئەفلاتوونیش «ئەم پێوانەیەی كردووەتە بنەماو پێیوایە ناتوانرێت لەرێگەی شیعرو بەرهەمی شیعرییەوە مەعریفەو راستی بەدەست بێت، دەسەڵاتی باڵاش نییە رەوشت و ئاكار دروستبكات، ئەم وتانەی ئەفلاتون لەسەر زاری بوتاگوریاسەوە دەخاتەروو، پێیوایە شاعیران لەسەردەمی هۆمیرۆس بەدواوە مامۆستای رەسمین و حاڵیان حاڵی سۆفستاییە سەرەتاییەكانە، كە دەیانەوێت هاووڵاتێكی باش بن.(١٦)

هەروەها لەبارەی شاعیرەیشەوە دەڵێت»ناتوانین پشت بە وتەو دەربڕینی شاعیران ببەستین، چونكە لەلایەك هەندێك جار شاعیران بۆچوونی دروست دەردەبڕن، ئەوە سەرچاوەكەی ئیلهامی پیرۆزە، نەك شاعیرەكە خۆی، بۆیە دەبێت بەوردی ئەمە بپشكنرێن، ئەگەر راستیشی سەلمێنرا، ئەوا ناتوانرێت وەك ئەڵتەرناتیڤی مەعریفی و عەقڵی وەربگیرێت،لەلایەكی تریشەوە، شاعیران بەهۆی شێتی سۆزیان و لاوازی ئاكاریان ، ناتوانرێت بكرێن بەرابەری مرۆڤی عاقڵ، چونكە شاعیر هەست بەوەناكەن ، كە دەیڵێن، هەروەك چۆن قسەكانیان پڕە لە ئاڵۆزی و دژی، هەربەم شێوەش شاعیران ناتوانن گوزارشت لە خۆیان بكەن«(١٧) ئەوانەش ، كە دەكەونە ژێر كاریگەری شێتی شاعیران، بەشداریدەكەن لە ئیلهامە ناعەقڵیەكاندا، ئەوا لێكدانەوەكانیان دورن لە هەر بنەمایەكی عەقڵی و هوشیاری و خاڵیە لە هونەرو مەعریفە. كەواتە (ئەفلاتوون) پێوانە ئاینییەكانی رەچاوكردووەو شاعیران نەیانتوانیوە ئەم پێوانانە پەیڕەوبكەن ، بۆیە بەم شێوازە هەڵسەنگاندنی كردووە، بۆیە دەڵێت :»شاعیرەكان لە شیعرەكانیاندا وێنەی خواوەندو پاڵەوانەكان لە شێوەیەكی نەشیاودا دەكێشن و كاریگەرییان لەسەر ئاكاری مرۆڤ دەبێت، چونكە دەبێت وێنەیان لە شێوەی كەسێكی راستگۆ و دڵسۆزدا بكێشن، لەبەرئەوەی بەدەر لەمە كاریگەری لەسەركیانی كۆمەڵایەتی باڵا هەیە».(١٨)

هەربەهۆی لادانی شاعیرەكان ، پێوانە ئاینییەكانی (ئەفلاتون) هەموو شاعیران وهونەرمەندانی لە كۆمار دەركردوە، چونكە شیعر لە هەموو راستییەكەوە دوورە و بەرهەمی بەشی خوارەوەی دەروونە هەروەها (ئەفلاتون) شیعری داستانی و درامی بە هەموو شێوەكانییەوە رەتدەكاتەوە، واتە رەتكردنەوەی كارەكانی هۆمیرۆس و ئەسخیلۆس،چونكە شاعیران نەیانتوانیوە بابەتی پێوەرە ئاینییەكان بكەنە بنەماو پێوانەی شیعریان هەرئەوەشە وایكردووە، كە ڕێڕەوی كاریان بەمەبەست ڕووبەڕووی رەخنەی ئەفلاتون بوونەتەوە» بەمانایەكی تر ئەفلاتون شاعیر هەڵدەسەنگێنێت ، نەك بەرهەم ، بۆیە شاعیر دەبێت ، وەك مرۆڤ پەیامدار بێت لەگەڵ ئاینەكەی و رێز لە پێوەرەكانی بگرێت ، بۆیە ئەم بۆچوون و پێوانانەی هەڵبژارد».(١٩)

(ج)-پێوانەی نرخاندن :

مەبەست لەو پێوانەیەیە ، کە لەئەنجامی کاریگەربوون وبەها کۆمەڵایەتیەکان، نرخاندن بۆ دەقی شیعریی دەکات ، بۆیە (ئەفلاتون) دەپرسێت :شیعر سودی چییە؟ ئایا شیعر زانستیە، کە بۆ ڕێز و تەواوکاری مرۆڤ بەکاربهێنرێت یان نا؟ هەروەها لەوە دەکۆڵێتەوە ، کە ئایا شاعیر دەتوانێت ئامۆژگاری و ڕێنمایی و فەزیلەت پیادەبکات، یان دەبێتە هۆی گومڕاکردن؟ دواتریش لەوە دەکۆڵێتەوە ، کە ئایا شاعیر مەترسی گەورەی لەسەر کۆمەڵگە هەیە ؟ تا دور بخرێتەوە یان نعمەتێکی بە بەهایە، کە پێیان شادمان بین . لەڕاستیدا ، ئەم مەسەلەیە لەرووی ئاکار و سیاسەتەوە گرنگە ، ئەوەش بەوەی (ئەفلاتون) بەهۆی بوونی بەڵگەوە، دژی شیعر و شاعیران فتوادەدات، بۆیە لە کتێبی (کۆمار) دا لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری، کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی نموونەیی دادەنێت و لەسەر شاعیران پەیوەستدەکات ، کە کار و ڕۆڵی شیعر و شاعیر لەسەر کاریگەری پەروەردە و ئاکار دیاریبکەن، هەروەها لە کۆتایی کتێبی دووەمی کۆماردا دەڵێت» منداڵان ئایندەی ئەم وڵاتەن، بۆیە نابێت بە بیستنی چیرۆك و ئەفسانە گومڕا بکرێن، بۆیە ئەوەی بەڕێوە بردنی کۆمەڵگەی لە ئەستۆیە، دەبێت چاودێری چیرۆك و داستانی شاعیران بکات»(٢٠) کەواتە لەئەنجامی هەڵسەنگاندن و نرخ بۆدانان لە ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەوە ، نەك لە نزیك عەقڵیەوە بەمانای شیعر و دیاردەکان بڕیار لەسەر خراپی و بایەخی شیعر دەدات.

(د)-پێوانەی ئاکاری وئاینی :

لەراستیدا «ئەفلاتون ئەدەب بە پێوانەیەکی ئاکاری دەپێوێت،لەبەرئەوە پێیوایە دەبێت ئەدەب لە چوارچێوەی ئاکاردا بسوڕێتەوە.»(٢١) سەبارەت بە شاعیرانیش دەڵێت :» شاعیران شیعر ، وەك هونەر وپیشە ( thekhne ) نانوسن، بەڵکو خودا ئیلهامیان پێدەبەخشێت و ئەوانیش بەخەڵکی دەگەیەنن،ئەمانیش وەك قەشەی پەرستگاکان وان، چونکە شاعیرانیش پێیانوایە ئیلهام وەرئەگرن و ناتوانن شیعر بنوسن ، بۆیە (ئەفلاتون) پێیوایە شیعر زانست نییە، چونکە ناتوانرێت نە بە فێربووون بە دەستبێت و نە ئەوانی تر فێربکرێن، چونکە ئیلهام یەکێکە لە نهێنی خوداکان .»(٢٢)

جگە لەمەش شیعر و هونەر پیشە نییە، چونکە هەریەکە لەمانە خاوەنی ڕێسای خۆیانن، بۆیە ئەفلاتون شیعر و ئەدەب زیاتر لە ڕوانگەی ئاکارەوە سەیردەکات.، کەواتە شاعیر، وەك گوێزەرەوە سەیر دەکات و دەبێت ملکەچ بێت بەیاسا و ڕێساکان . هەروەها بۆیە شاعیر ڕەتدەکاتەوە، چونکە لەپێوانەی ئاینی یۆنانی شیعر نانوسن ، یان پەیوەست نابن بەپێوانەی ئاکاری یۆنانیەوە.

(هـ)-پێوانەی لاساییکردنەوە:

بۆ یەکەم جار لە بەرهەمی ئەفلاتوندا، چەمکی لاساییکردنەوە ، وەك ڕەگەزێکی گرنگی هەموو هونەرەکان دەرکەوت، هەرچەندە کەمێك پێشتر ئەم بیرۆکە هەبووەو ئەفلاتون خۆی دان بە بوونی ئەم چەمکەدا دەنێت لەپێش خۆیەوە لە تێڕامانە فەلسەفییەکاندا ، هەروەکو دەڵێت «هەموو ئەو شتانەی ، کە لە گەردوندا هەن و هاتوونەتە بوون، لەڕێگەی سروشتی و لەخۆوە بووەو هونەریش بەپێی کات لەم دروستکراوانەوە وێنەیەکی جزئی لە ڕاستی وەرگرتووە هەمووشیان لەڕووی کرۆکەوە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەمەش هونەرمەند واقیع بەرهەمناهێنێت، بەڵکو ڕوخسارەکان بەرهەمدێنێت»(٢٣)، واتە لاسایی شتەکانی دەوروبەردەکاتەوە ، ئەدەبیش بەهەمان شێواز و پێوانەیە.

هەرلەو چوارچێوەیەدا (ئەفلاتون) پێیوایە شیعر ئیلهامە و شاعیر لە عەقڵەوە بەرهەمی ناهێنێت، بەڵکو سەرچاوەکەی خواوەندی پەتییەو بۆ ئەو مەبەستەش فەیلەسوف لە پلەی یەکەمدایەو شاعیر لەگەڵ هونەرمەندانیش لە پلەی شەشەمدان.(٢٤)

هەروەها چەمکی ئیلهام لای ئەفلاتون پەیوەستدەبێتەوە بە لاساییکردنەوەوە، چونکە ئیلهام هۆکارێکی ترە کەبڕیار لەسەر سروشتی مرۆڤ دەدات، هەروەها (ئەفلاتون) پێیوایە دوو جۆر شێتی هەیە، یەکێکیان ئەنجامی لاوازی مرۆییە، دووەمیان نەخۆشییەکی پیرۆزە،

دەرون لە داب و نەریت رزگاردەکات، نمونەش بۆ دووەمیان کاهن و شاعیرو عاشق دەهێنێتەوە .(٢٥)
کەواتە دوبارە(ئەفلاتون) وا سەیری شاعیردەکات ، کە گوێزرەوەی شتەکانە، ئیدی ئەوشتانەی لە ئاین ، یان سروشت و دەوروبەربن ، بەمەش رۆڵێکی لێکتێکەیشتن دەبەخشێتە شاعیر ،کە تەنها توانیۆێتی ئەم پێوانە بەکار بهێنێت و ببێتە ناسنامەی شاعیر.

(و) پێوانەی چێژ:

(ئەفلاتون) لەدووتوێی کارو چالاکییە ئەدەبیەکانیەوە ڕەخنە لەوە دەگرێت ، کە هەست و خۆشییەکان تاکە پێوەری سەرەکی بڕیاردان نین لەسەر جۆری ئەدەب، چونکە ئەوەی رەتدەکردەوە، کە مەبەستی سەرەکی ئەدەب خۆشی بەخشین بێت، هەروەها خۆشی و هەستەکان لای منداڵ و لاو و گەورە جیاوازیان هەیە»(٢٦)، بۆیە پێویستە بە پێوەری تر بڕیار لەسەر ئەدەب بدرێت، کە بریتییە لە پێوەری (مسداقیەت) و پێیوایە رای گشتی پێوەری جۆرو کوالێتی ئەدەبن، لەگەڵ ئەوەی ئەم تێڕوانینەی لەسەردەمی خۆی،و ئەو رەخنانەی کە لەدیالۆگی (ئەیۆن)دا لە (هۆمیرۆس)ی گرتوە، بێهیوایی دروستکرد، دواتر بوونە جێگەی بایەخی کتێبەکە.

٤- ئەرستۆ

(أ)-پێوانەی عەقڵی :

شایەنی باسە، (ئەرستۆ) لەدووتوێی تێڕوانینی عەقڵیەوە۔ پێیوایە» مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی خۆش بەسەربەرێت، بەبێ ئەوەی فەلسەفی بێت، بەڵام بەمەرجێك خاوەن ئاکارێکی باش و حیکمەتێکی کارەکی بێت» (٢٧). لەڕاستیدا ئەمەش وایکردبوو ، کە ئاسۆیی و لۆژیکیانە بیری دەکردەوە و پێیوابوو هیچ شتێك لەدەرەوەی یاساو ڕێساوە نییە، بۆیە پێویستە لەپێناو یاساو ڕێساو ڕەخنەو ناسینی بەرهەمی شاعیراندا پێوانەیەك دیارییکرێت، هەروەها «یەکەم کەس بوو بەرهەمی هێزی چێژو عەقڵی مرۆڤی ، وەك بەرهەمی سروشت، خستە ژێر یاسای گشتیەوەو بەرهەمی ( پیۆتیکا) و (ریۆتیکا) ی لەبارەی شیعرو گوتارو ڕەخنەوە بەرهەمهێنا»(٢٨).
بەمانایەکی تر (ئەرستۆ) عەقڵی کردبووە پێوەری سەرەکی بڕیاردان لەسەر دەقی شیعری لە ڕوانگەی جۆرایەتی شیعرەکەوە ، بۆیە گوێی بە پێوانەکانی ئەفلاتون نەدەدا.

(ب)- پێوانەی تیۆری :

شایانی باسە «ئەرستۆ لە کتێبی ( هونەری شیعر)دا لەبەر ئەوەی بریتیە لە نوسینی تیۆری لەسەر ئەدەب ، واتە هونەری شیعر لێکۆڵینەوەیە لە جۆرەکانی ئەدەب و شیعری داستانی وشانۆیی و ویژدانی»(٢٩) ئەمەش هەمان ئەو پۆلێنکردنەیە ، کە ئەفلاتون لە دیالۆگەکانیاندا باسیکردوون، بەڵام (ئەرستۆ) بەرێگەیەکی جیاواز لە مامۆستاکەی لێیدواوەو بۆ ئەو مەبەستەش سێ بەشی یەکەمی تایبەتکردوە بە لاساییکردنەوەوە چوارەم و پێنجەمیش تایبەتە بەبنچینەی هونەری شیعرو گەشەکردنی و باسکردن لەجیاوازی نێوان جۆری شیعرە، هەروەها بەشی شەشەمیش باسکردنە لە بابەتی وتار ، کە تراژیدیایە، هەر لە سروشتی تراژیدیاو ئەو بەشانەی کە لێی پێکهاتون، لەوانە چنین،چیرۆك، کەسایەتی، زمان،بیر، دیمەن، ئاوازو گۆرانی. لەبەش حەوتەمدا زمانی شیعر بەلای (ئەرستۆ)وە هەمان زمانی ئاخاوتنی خەڵکی نیە، بەڵکو شاعیر دەبێت خاوەنی زمانێکی تایبەت بێت و زمانەکەی روون بێت ، نابێت زمانەکەی زۆر نامۆ و داخراوبێت، هەروەها شاعیر نابێت بەزمانی خۆی بدوێ ، چونکە ئەگەر وایکرد نابێتە لاساییکەرەوەی کەسانی تر،کەواتە خودی شاعیر لە هۆنراوە نوسیندا دەبێت فەرامۆش بکرێت. هەروەها لەبەشی هەشتەمدا باس لە یەکیەتی و یەك پارچەیی چیرۆك دەکات، لەبەشی نۆیەمدا جیاوازی لەنێوان شیعرو مێژوو دەکات،و شیعر بە فەلسەفی ترو سەرەنجڕاکێشتر لە مێژوو دەزانێت، دواتر باس لە چیرۆکی سادەو لێکدراو دەکات. هەرلەبەر ئەمەشە کە ئەرستۆ لەم کتێبەدا بەشێوەوەیەکی تیۆری باسی لە ئەدەب کردووە.
(ئەرستۆ) لە کتێبی هونەری شیعردا بەتەنها باسی لە بەرهەمی یەك شاعیر نەکردوە ، بەڵکو هەربەشە و باس لە شاعیرێك، یان بابەتێك دەکات .

هەروەها (ئەرستۆ) لە کتێبی (هونەری گوتار) دا باسی لەهەندێك مەسەلەی تایبەت بەڕەخنە کردووە و هەروەها یاسا و لەم کتێبەدا یاسا و بنچینەی هونەری گوتاریشی داناوە و لە بابەتی ڕەوانبێژیشدا، کارێکی وردی لەسەر کردوەو هەوڵیداوە هونەرەکان لە سروشت و دەوروبەری سروشتی مرۆڤەوە هەڵێنجێنێت.

(ج) پێوانەی لاساییکردنەوە :

لەبەرئەوەی «ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شیعر دوو هۆکاری سروشتی هەیە ، یەکێکیان غەریزەی لاساییکردنەوەیە (Mimysis ) و ئەوی تریان پێوەندی سروشتی مرۆڤە بە کێش و قافیەوە (Rythmus) هەروەکو لەم بارەیەوە دەڵێت لاساییکردنەوە لەو غەریزانەیە، کە لەمنداڵیدا لەمرۆڤدا لەلوتکەی دەسەڵاتدایە ، بەڵام ئەوەی مایەی جیاکردنەوەی مرۆڤە لە ئاژەڵ ئەوەیە، کە مرۆڤ زیاتر لە هەموان لاساییدەکاتەوە، هەربەهۆی ئەم لاساییکردنەوەیەیە، کە فێربوون دەستپێدەکات، هەربۆیە لە منداڵیەوە حەزی لاساییکردنەوەی هەیە»(٣٠)، هەروەها دەڵێت شاعیر ، وەك هونەرمەند کاری لاساییکردنەوە و لێکچوونە و لەسەری پێویستە ، کە شتەکان لەسەر یەکێ لەم سێ رووە لاسایی بکاتەوە :

( یان ئەوەی ، کە بووە و هەیە ، یان ئەوەی کە دەوترێ و دەبینرێت، یان ئەوەی ، کە دەبێت ببێت، ئەم لاساییکردنەوەش دەبێت بە زمان بخرێتەڕوو، لەم حاڵەتەشدا خواستن و خوازە بەکاردەهێنرێت )لە ڕاستیدا گەورەیی شاعیر لەوەدایە، کە بتوانێت لەم لاسایی و چاولێکەرییەدا توانا و کارامەیی(مهارە) خۆی بخاتەڕوو.

ئەمە جگەلەوەی (ئەرستۆ)پێیوایە لاساییکردنەوە کرۆکی شیعرە، چونکە تراژیدیا لاساییکردنەوەوەی کارێکی گەورەو بەرزە.(٣١)

شایانی باسە، هەموو هونەرێك لاساییکردنەوەیە ئەمەش لای ئەفلاتون راستییەکی نەگۆڕە، بەڵام ئەرستۆش وەك پرەنسیپ ئەمەی پشتڕاستکردوەتەوە، چونکە هەموو هونەرو مۆسیقاو....تاد، لەراستیدا وێنەیەکی جیاوازی لاساییکردنەوەیە ئەو کەسایەتی و روداو هەڵوێستانەی کە وێنەدەگیرێن، وا لەبینەر بکەن، کە وەك واقیع وان، بۆیە شاعیر لاساییدەکاتەوە وەك ئەوەی هەیە، یان دەیەوێت ببێت، یان دەشێت ببێت. واتە شاعیر وێنەی رابردو، یان رانەبردو یان نمونە یان وێنای ئەوانی دی بۆ ئێستا، یان رابردوو دەخاتەڕوو .

کەواتە شاعیر یەکەم هۆکاری شیعر نوسینی لاساییکردنەوەیە ، دواتر کارامەیی خۆیی و رەنگدانەوەی ئەم کارامەییەی توانیویەتی لەچوارچێوەی لاساییکردنەوەدا پیشان بدات. کەواتە «شاعیر لای ئەرستۆ لە قۆناغی یەکەمدا ، هۆکار وکارهەیە بۆیە پەرچەکردار دروست دەبێت، ئەمەش شتێکی سروشتیە لای ئەرستۆ ، بەڵام دەبێت شاعیر لەوە گەورەتر بێت ، کەتەنها کاری گوێزانەوە بێت هەروەکو لای ئەفلاتون بەدی دەکرێت، کەواتە ئەرستۆ بەرهەمی ، لە شاعیرەکە بەلاوە گرنگترە بۆیە شاعیر لەڕێگەی بەرهەمەوە هەڵدەسەنگێنێت»(٣٢).

(د)-پێوانەی دەروونی :

(ئەرستۆ) لە هونەری شیعرەکەیدا یەکەم کەسیشە گرنگی بە فەلسەفەی وەرگر، یان چەمکی ئیستاتیکا لە وەرگرتنی دەقدا بێت، هەروەها(ئەرستۆ) لەرووی سایکۆلۆژیەوە زۆر لە شیعر ورد بووەتەوە، هەر لەبەر ئەمەش دژی بۆچوونی مامۆستاکەی وەستایەوەو «پێیوایە شاعیر گۆڕانی سایکۆلۆژی رۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە دەتوانێت نوێکردنەوەوەو گۆڕانکاری لە خوێنەردا دروستبکات، هەربۆیە پاککردنەوە سیمای یەکەمی خوێنەرەو وەك بالکۆنێکە لەرێگەی کرانەوەو دەرونفراوانییەوە ئارامی دەبەخشێت. واتە کرۆکی پاککردنەوە، گەیشتنە بە کۆنترۆڵکردنی تەواوی ترس، بەڵام هەرچی کرۆکی پرۆسەی وەرگرتنە، لەخۆگری بەشداری کارای خوێنەرە»(٣٣).

گومانی تێدانیە ، بوونیەتی شیعر بەکارەکی و ئیستاتیکی لەرێگەی خوێنەرەوە تەواودەبێت، چونکە خوێنەر رۆحێکی تری شیعرە، ئەگەر خوێنەریش نەبێت، شیعر لە هیچ کات و شوێنێکدا کۆچ ناکات.خوێنەر لای (ئەرستۆ) کەسێکی خاوەن کەسیەتی کارایە، بەڵام لای (ئەفلاتون)، کەسیکی لاوازو کەم ئەزمونە، چ وەك ئیستاتیکا ، چ وەك مەعریفە.

هۆكاری لەدایكبوونی شیعر لەبەردوو هۆكارە:

«یەكەم: مرۆڤ بەسروشتی حاڵ حەزی لە لاساییكردنەوەیە.

دووەم: مرۆڤایەتی بەهرەیەكە لە هەستكردن بە ریتم وئاواز»(٣٤)

لەو رووەشەوە ، (ئەرستۆ) پێوایە جیاوازییە شاراوەكانی كەسایەتی مرۆڤ، رێرەوی ئەم دووجۆرە شیعرە دیاریدەكەن كەبریتین لە عەقڵە جدییەكان، كە لاسایی كارە باڵاكانی پیاوە باڵاكان دەكەنەوە، وەك شیعری داستانی و تراژیدیا، بەڵام عەقڵە خراپەكان، لاساییی رووداوی نزم دەكەنەوە، وەك شیعری كۆمیدیا.

ئامانجیشی پاكردنەوەی دەروونە، لەرێگەی ترس و بەزەییەوە، كەواتە لای (ئەرستۆ) شیعر ئامانجێكی دیاریكراوی سەرەكی هەیە ، كە كاریگەری لەسەر دەروون دروست دەكات. وەك دەبینین ئەم روانینەی ئەرستۆش لەپێناوی ئەوەدایە ، كە كەسی باش و بەسوود بۆكۆمەڵگە بەرهەم بێنێت، هەروەها دەیەوێت مرۆڤەكان لەرێگەی شیعرەوە گرفتە دەرونیەكان بڕەوێنیتەوە.

(هـ)-پێوانەی ئاكاری:

شایان باسە، (ئەرستۆ) لە دووتۆیی كارو تێڕوانینە ئەدەبیەكانییەوە ، هەندێك رێنمایی و ئامۆژگاری بۆ شاعیرانی تراژیدی دەخاتەروو، بۆنموونە دەڵێت» لەسەر شاعیرە پاش نوسینی شیعرەكەی، چەندێك بتوانێت لەشیعرەكەی رابمێنێت، تاوەكو كەموكوڕییەكانی چاك بكات، ئەگەر شاعیران هەست بەشتێك بكەن، دەتوانن دەریببڕن، هەروەها ئەوەی هەست بەخەمۆكی بكات، دەتوانێت بەراستگۆیی دەریببڕێت وبیگوازێتەوە بۆ بینەر، بۆیە شیعر یان لە توانایەكی سروشتییەوە سەرچاوەی گرتووە، یان لەدووچاربوونی بە شێتیەوەیە. كەواتە توانست لە كەسایەتییەكەوە دەردەچێت و دەچێتە كەسایەتییەكی ترەوە، بەڵام شێتبوون هەرگیز ناتوانێت لە شێتییەكەی دەربچێت.

كەواتە لای ئەرستۆ شاعیربەرپرسەو دەبێت رەچاوی بەرپرسیارێتی بكات. لەهەمان كاتیشدا دەیخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی ئاكارییەوە و دەبێت لەم پێوانەیەشەوە شیعر بۆ خوێنەرەكانی بنوسێت. كەواتە شاعیر دەبێت رەچاوی پێوەرە ئاكارییەكان بكات و خوێنەرانی پەیوەست بە كۆمەڵگەكەیان یان چالاك و بەرپرس دروست بكات.

بەشی دووەم :

## پێوانەرەخنەییەكان لە ئەدەبی رۆمانیدا

١-سیسرۆ

(أ)-پێوانەی رەوانبێژی :

مەبەست لە پێوانەی رەوانبێژی ئەوەیە كە هونەرەكانی رەوانبێژی بكرێنە بنەما بۆ پێوانە رەخنەییەكان ولەو سۆنگەیەوە دەقی ئەدەبی پێ هەڵسەنگێنرێت، لەورووەشەوە «سیسرۆ لە كتێبی (بروتوسBrutus) مێژویەكی كورتی لە بارەی هونەری رەوانبێژی لەگەڵ لێكدانەوەی كورتی سەبك و شێوازی شاعیرانی رۆم خستوەتەڕوو، نامەی( وتاربێژ De oratore) ی سیسرۆ، شاكاری هونەری رەوانبێژی رۆمییەكانە «(٣٥).

وەك دەبینین ، لەم نامەیەدا (سیسرۆ) ئەوە دەخاتەڕوو، كە رەوانبێژی بەهرەیەكە، بەدەستهێنراو و داماڵراو نییە، لەبەرامبەر ئەمەدا ناتوانرێت بەهۆی هونەری گوتارەوە فێربین ، ئەگەر كەسێك بەهرەمەند بێت لەم بەهرە سروشتیی وخۆڕسكە، بە راهێنان و پراكتیزەكردن لە هونەری گوتاردا، دەتوانێت لە رەوانبێژیدا شتێكی باش بەدەستبهێنێت و ببێ بە لوتكەی سەدەكان .

بێگومان، هەرلەبەرئەمەشە(سیسرۆ) دەڵێت»ئامانجی وتاربێژ زیاتر وروژاندنە، بەڵام حەكیم و فەیلەسوف جگە لە برواپێهێنان، هیچی تر نییە، بۆیە هەریەكە لە زانست و وتار، خاوەن شێوازی خستنەڕووی تایبەت بە خۆیانن و (سیسرۆ) كورتەیەكی لەسەر هەریەكەیان باسكردوە»(٣٦). كەواتە (سیسرۆ) پێیوایە نوسەر دەبێت بەهرەی كۆمەڵایەتی هەبێت ، تاكو بتوانێت بنەماكانی ئەدەبەكەی بەرجەستە

بکات ، واتە توانستی زمانی و هەڵبژاردنی وشەی بەهێز بێت ، لێرەشەوە مانا و روئیای گرنگ دەداتە کۆمەڵگە.

(ب)-پێوانەی کۆمەڵایەتی :

دەربارەی هێزی شاعیر ڕای (سیسرۆ) لە ڕای سۆکرات و ئەفلاتون دەچێت، چونکە بەمەسەلەی ئیلهامی شیعر ڕازیە، هەروەکو لەم بارەوە دەڵێت» وەك ئەوەی لە بازرگان و زانایان بیستومە، تەواوی هونەرەکان لە ڕێگەی فێربوون و خوێندنەوە و ڕاهێنانەوە دەتوانرێت فێرببین، بەڵام شاعیر هەموو شتێکی خۆی وەرگیراوی فیترەت و سروشت و زەوق و گەشەی خۆیەتی، کە مایەی تایبەتمەندی ئەوە لەگەڵ ئەوەشدا هێزی گیانی و ڕەبانی ئەوە ، کە ئیلهام بەو دەبەخشێت «(٣٧) ، کەواتە هەڵسەنگاندنی شاعیر لای (سیسرۆ) لەژێر کاریگەری پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانە ، یان کەوتووتە ژێر کاریگەری قسەکەرانی دی و بڕیار لەسەر شیعری شاعیر دەدەن، ئەمەش پێوانەی کۆمەلایەتی بەکارهێناوە.

٢- هـــــــۆراس (٦٥پ.ز):

(هۆراس) بە سەرەتایەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێت، ئەوەی (سیسرۆن) لە وتاردا کردی، هۆراس لە شیعردا کردی . (هۆراس) نمونەی  هونەری کلاسیکی گێڕایەوە بۆ بیری خەڵکی، بەوەی لاسایی شیعری کۆن بکەنەوە، بەیەکێك لە شاعیرە کۆنەکان دادەنرێت، کە کاریگەرێکی زۆری لەسەر گەشەی بیری ڕەخنەگرە رۆمانییەکان هەبووە، لەمەشدا دەسکەوتێکی گرنگەی بەدەستهێناوەو بە نەمری لە نەوەکانی دواتر ماوەتەوە.

(أ)-  پێوانەی عەقڵی :

لەنامەیەکی تردا ، کە دوانە(قسەکردنە) لەگەڵ کوڕانی پیزۆن(Epistula ad pisones) دا شاعیر بە ئاوازێکی دڵکەش و جوان بۆ ئەو گەنجانەی، کە دەیانەوێت ببنە شاعیرو شیعر بنوسن و لەبارەی هونەری شیعرەوە دیالۆگ بکەن، لەم نامەیەدا ، کە (هونەری شیعر Ars poetica)ی پێدەڵێن، شاعیر بیروڕای خۆی لەسەر شیعرو شاعیر دەخاتەروو، کەتێیدا توندی و کەم ئەزموونی بێژەرە کۆنەکان بەوردی دەخاتە بەر ڕەخنەو بنچینەو یاسا بۆ شیعر بە گشتی و شیعری دراماتیکی بەتایبەتی دەخاتەروو، ئەو ڕێنماییەش دەخاتەروو، کە لە شیعرو هونەردا عەقڵ و لۆژیك دەبێت حاکم بێت، هەروەکو دەڵێت» ئەگەر عەقڵ و لۆژیك سەرەتاو گەشەی بەرهەمی شاعیر نەبێت، هەرگیز ئەو بەرهەمە جوان و پەسەند نییە، جگەلەمەش دەبێت سادەیی و یەکیەتی بابەت هەبێت،ئەگەرنا ناتوانێت بەرهەمێکی باش بێت»(٣٨).

(ب) پێوانەی کۆمەڵایەتی :

لەدیدو بۆچوونە ڕەخنەییەکانییەوە دەبینین  (هۆراس) بڕوای بە عەقڵ بەکار نەهێنانی شاعیرەکان هەیەو پێیوایە سەرقاڵی لاساییکردنەوەیەکی چاولێکەرین ، بۆیە پەیوەستیان دەکات بەوەی کە دەبێت عەقڵ بکەنە بنەمایەك بۆ شیعرەکانیان وئەو وشانە لەخۆی دوربخاتەوە، کەجوانییان نییە، هەتا ئەگەر لە زماندا ناوداربن و بەزەحمەت خۆتیان لێ ڕزگار بکەیت»(٣٩)، هەروەها خۆی لەو دەستەواژە جوانانەش بەدوربگرێت، کە نووسەرە گەورەکانی پێشوو بەکاریانهێناوە.

 کەواتە، شاعیر لەسەرەتادا شیعر بەهۆکاری  جوانی زانیوە، بەڵام دوواتر بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە خەڵکی بەگشتی ڕازی بکات ، ڕای گۆڕیوە وئارەزووی  شیعر  نووسینی نەماوە. بەمانایەکی تر پێوانەکۆمەڵایەتییەکان هۆکار بووە بۆ دوورکەوتنەوە لە شیعرەکەی، کە خۆی حەزی لێبووە.

هەر بۆیە شاعیری ناچارکردووە پەیوەست بێت بەمەرجە کۆمەڵایەتیەکانەوە ، ئەوەش بەوەی دەبێت زمانی شاعیر  ساف و بێگرێ بێت، وەك دەرچوونی ئاو لە ناو بۆری پاکدا، بۆئەوەی زمانی لاتینی ڕاستبکاتەوە و شێوازو وشەی ڕازاوەی زیاد لە پێویست بەکاربهێنێت و خۆی دوربخاتەوە لە وشەی توندو ئەوانەی هێز کەمدەکەنەوە، لەوانەشە ئەمە ئاسان بێت، بەڵام بۆ شاعیر کارێکی گرانە، بۆیە دووبارە داوای لێبوردن لە نوسینی شیعر دەکاتەوە، ئەمەش بۆ شاعیرانی نوێ بەجێدەهێڵێت، و بەرەو فەلسەفەی شیعر دەڕوات.

«(هۆراس) لە هونەری شیعردا، تەنها ئامۆژگارییەکی دیارکراو پێشکەشناکات، بەڵام وەك ڕەخنەگرەکانی پێشوو، دواتریش پێیوایە

ئامادەکاری سروشتی لای مرۆڤ  ئاگاداری خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی وردو ڕێکخستنێکی رابردو بێت»(٤٠)، بەمەش هۆراس وایدەبینێت، سەرکەوتن لە شیعردا بەپلەی یەکەم لەسەر ئامادەباشی سروشتی و لێکۆڵینەوە، یان بەمانایەکی تر لەنێوان ئیلهام و پیشەدایە.

هەرلەو ڕووەوە،(هۆراس)لە نامەیەکی شیعری تردا (٢ ، ١١ Epistula) لەگەڵ ( جولیوس فلورس ad jubium florum) بە ئاوازێکی گاڵتەئامێز، قسە لەسەر شاعیرانی کەم مایە دەکات. واتە باس لەو شاعیرانە دەکات، کە خۆیان بەگەورە دەزانن و لەم بارەوە دەڵێت « شاعیرانێك ، کە شیعری خراپ دەنووسن و دڵیان بەوە خۆشە، کە شتێك دەنووسن و خۆیان بە نوسەر دەزانن، تەنانەت خۆیان بە گەورە و بەڕێز دەزانن، تەنانەت دڵیان بەوە دەحەوێتەوە، کە بەرهەم و ئەنجامی بیری خۆیان، لە هی خەڵکی تر بەرز ڕادەگرن «.(٤١)
وەك دەبینین، لێرەوە (هۆراس) پێوانەی کۆمەلایەتی دەکاتە بنەمای هەڵسەنگاندن، چونکە ئەم هەڵسوکەوتە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەناو گەلی رۆمانیادا نەنگی بوو، بۆیە بەهەمان پێوانە قسەی لەسەر کردەی شاعیرێتی شاعیرەکان کردووە ، نەك بەرهەمەکانیان لەئەنجامی زیادە ڕەویی شاعیر لە هەڵسوکەوت و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ، باشتر بوو نوسەرێکی بێ هونەر بوومایە و عەیبەی کاری خۆم نەدیتایەو وەك ئەوان بوومایە، «تاوەکو لە تێگەیشتن و مێژووی دروست سودمەندبم، وخۆم بگەیەنمە پلەی نوسەری زەبوون (٤٢).«

لەراستیدا ، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە (هۆراس) پەیامێکی مانایی و گاڵتە ئامێز نانوسێت ، بەڵکو سەرقاڵی ئەوەیە گاڵتە بە شاعیر و نوسەرانی بێهونەر بکات، لەبەرئەمەش بیروباوەڕی بەسەر سێ بەشدادابەشبکرێت :
١- شیعر هونەرێکی پاك و جدیە، نەك هۆکاری خۆشی بێت لە کۆبوونەوەکاندا .
٢- بەهەمان هۆکاریش شیعر هونەرێکی گرفتدارەو توانست و لێهاتوویی تێدایە و بە ئاسانی بەدەستنایات .
٣-کەسێك بیەوێت سەرقاڵی شیعربێت ، تاکە ڕێگەی دروست، شوێنکەوتنی لاساییکردنەوەی یۆنانییە کۆنەکانە»(٤٣) .

## ئەنجام:

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەگەینە ئەوەی کە:

١.ئەو پێوانانەی ، کەلە ئەدەبی یۆنانی دا دانراون، پێوانەی فەلسەفی و ڕەخنەیین.
٢. پێوانەکان بوونەتە بنەمایەکی سەرەکی  بۆ هێزی دەق.
٣. پێوانە رەخنەییەکانی ئەدەبی رۆمانی ، کاریگەری راستەوخۆی پێوانە ڕەخنەییەکانی ئەدەبی یۆنانی لەسەرە.
٤. لەئەدەبی رۆمانیدا ( هۆراس) بۆچوونی  جیاواز ترە لەو پێوانانەی کە شیتەڵکراون.
٥. پێوانە رەخنەییەکان هۆکاری سەرەکی دیاریکردنی (دەق)ە بەپێی رێبازەکان.
٦. بەگشتی پێوانە رەخنەییەکان لەنوسەرەوە دەگوزارێتەوە بۆ دەق.
٧. پێوانەکان کاریگەری دەوروبەری خۆیان لەسەرە بۆ بڕیاردان لەسەر دەقەکە.

پەراوێزەکان :

١) د. مصطفى عبدالرحمن ابراهيم، فی النقد الادبی القديم عند العرب، مكة للطباعة ،القاهرة ـ١٩٨٧، ص٧

٢) هةرئةو سةرضاوةية،ل٧.

٣) د.عبدالمعطى الشعراوى، النقد الادبى عند الاغريق و الرومان،مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة،١٩٩٩،ص٩٩.

٤) د.سعدالضلام، النقد الادبي، مطبعة الامانة، بروكلين ،نيويورك ، ٢٠٠٠،ص٩.

٥) د . لوقمان رةئوف، رةخنةى ئةدةبي ضاثخانةى كارؤ، سليَمانى ، ٢٠١٦، ل٤٢.

٦) الأنص في نصوص النقد الأدبي ، ١/٣٦٨.

٧) (٥٢٥ ق.م ،٤٥٦ ق م) ناسراو بە باوکی تراژیدیای یۆنانی لە(٤٨٤) وەك باشترین شانۆنووس ناسێنراو خەڵاتی یەکەمی لە شانۆگەری تراژیدیsupplices بەدەستهێناوە. تێیدا داوای سنوری بابەتیەتی و پەیوەستبوون بە داب ونەریتەکانەوە دەکات، لەسەر خواوەندەکان و پاڵەوانەکان دەنوسێت، لەزمانی ڕۆژانەوە دەچیت بۆ زمانی باڵا.بروانە : هەرئەو سەرچاوەیە، ١/٩٢.

٨) لە (٤٨٥- ٤٠٦) ژیاوە، یەکێکە لە شاعیرە تراژیدیە بەرزەکان، کاریگەرە بە فەیلەسوفەکان و بەتایبەتی سقرات، ئەوەش لەسەر بیروبۆچونی راشکاوی و بەجورئەتانە لە سەر ئاین و خواوەندەکان، پێیوایە لەسەر شاعیرە بابەتە ڕۆژانەییەکان و زمانەکەی بەکاربهێنێت ، ئەو کارەی کە ئەسخیلۆس داوای لێکرد خۆی لە چەنەبازی شیعر رزگاربکات. بڕوانە: هەرئەو سەرچاوەیە، ١/٩٢.

٩) (*) مەبەست لە وشەی(سفگس)( چەنەبازی)، ئەوەیە جاران لەسەردەمی یۆنانی کۆندا بەواتای ( هونەر، یان ، پیشە) بەکاردەهات، پاشان ئەم واتایە گۆڕا بۆ پیاوی دانا، لەسەدەی پێنجی پێش زاییندا بەواتای بەرفراوانکردنی توانای خوێندکار لەنێو گەلدا بەکاریان هێناوە، هەروەها بەواتای شارەزایی و لە بوارەکانی ڕەوانبێژی و رامیاری و وەزرش و لەئەنجامیشدا بەواتای بایەخدان بە ڕەوانبێژی و شێوەکانی دەربڕین و زیاتر بایەخدان بە( جەوهەری مەعریفەت بەکاردەهات)، هەرئەم لایەنەش بووە هۆکاری ئەو ڕەخنە توندوتیژانەی سۆکرات و ئەفلاتوون لە سۆفستاییەکان ،کەبەلای سۆکرات و ئەفلاتوونەوە جۆرەکەسانێك خەریکی چەنەبازین. هەرئەو سەرچاوەیە، ١/٩٢.

١٠) د . لوقمان رەئوف، ڕەخنەی ئەدەبی چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ، ٢٠١٦، ل٦٢.

١١) فروغی،حکمت سقراط، چاپ دوم ،ج١، ص ١٥٢

١٢) رسالة گورگیاس، حکمت سقرات، ج ٢، ص ١٥٨.

١٣) هەرئەو سەرچاوەیە،ل١٥٨.

١٤) Daiches، ariticalApproaches to Literature، pp ٧ spp

١٥) Atkins. Literary criticismin Antiguit ،Vol. ١١٩٣٤, pp ٣٧

١٦) هەرئەو سەرچاوەی،ل٧.

١٧) هەرئەو سەرچاوەیە،ل٣٧.

١٨) Apology,pp,٢٢b:٥٣٤.

١٩) Plato,Rep,٣٧٩-٣٨٣

٢٠) هەرئەو سەرچاوەیە، ل٥٣٤.

٢١) جمهور، کتاب دوم،ص٢٠٧

٢٢) هەرئەو سەرچاوەیە،ص٢٠٧.

٢٣) د . لوقمان رەئوف، رەخنەی ئەدەبی ، ل٧٥.
٢٤) محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث ، دار النهضة ، مصر، القاهرة، ١٩٩٩، ص٢٨.
٢٥) ٤٠٢,Grube,Op,cit.
٢٦) Plato ،Laws ، p٦٥٨-
٢٧) . محمد صقر خفاجة ،تاريخ الادب اليونان و الاغريق،ص١٢٢
٢٨) د .عبدالرحمن البدوي ، ارسطوطاليس ، فن الشعر، ١٤٢٣ـص٤٥.
٢٩) د.عبدالرحمن البدوي ، ص٣٨.
٣٠) ارسطوطاليس ، فن الشعر، ت: ابي بشرمتي بن يونس القنائي ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٣ ، ص٣٠.
٣١) ٢٤-b٤.١٩٤٤,Arist,op,cit
٣٢) أرسطو طاليس، في الشعر، ترجمة: أبي بشر متى بن يونس القنائي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٣ ،ص٦٨
٣٣) التفضيل الجمالي للدكتور شاكر عبدالحميد، ٢٩، عالم المعرفة، ع ٢٦٧، ٢٩ مارس، ٢٠٠١.
٣٤) ٢٤-b٤ ١٤٤٨،Arist ،op ، cit
٣٥) ١٩٨٠,Bruths ,paris, ١٧٢, Cicero De oratore.
٣٦) د . عبدالحسين زرين كوب،أشنايي بانقد ادبي ، انتشارات سخن،تهران،١٣٨٨ ، ص ٢٥٤.
٣٧) هەرئەو سەرچاوەیە،ل٢٥٤.
٣٨) ٣٤٩- ٣٤٧ ، II p ١ Horace ،traduit par patin ،vol
٣٩) د . عبدالحسين زرين كوب، ، ص ٢٥٧
٤٠) هەرئەو سەرچاوەیە،ل٢٥٧.
٤١) <p٢٥٣,١٩٥٨,Guilbert,literary criticism from plato to Dryden
٤٢) ٣٤٩- ٣٤٧ ، II p ١ Horace ،traduit par patin ،vol
٤٣) د . عبدالحسين زرين كوب ، ص ٢٥٧


سەرچاوەکان:

کوردی:

١. د . لوقمان رەئوف، رەخنەی ئەدەبی ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ، ٢٠١٦.

عەرەبی:

٢. ٢. ارسطوطاليس ، فن الشعر، ت: ابي بشرمتي بن يونس القنائي ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٣ ،
٣. التفضيل الجمالي للدكتور شاكر عبدالحميد، ٢٩، عالم المعرفة، ع ٢٦٧، ٢٩ مارس، ٢٠٠١.
٤. افلاتون، جمهور، كتاب دوم. سعد الضلام، ت: د.رضاكادياني، ابن سينا، طهران، ١٣٥٣،ت٢٠٧.
٥. رسالة طورطياس، حكمت سقرات ،ج ٢.
٦. ارسطوطاليس ، فن الشعر ، ت: د.عبدالرحمن البدوي ، مكتبة النهضة، القاهرة، ١٤٢٣هـ
٧. د.عبدالمعطى الشعراوى، النقد الادبى عند الاغريق و الرومان،مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة،١٩٩٩.
٨. فروغى،حكمت سقراط، ضاث دوم ،ج١ ، تهران، نشربرسش، ٢٠١٢ .
٩. د.محمد صقر خفاجة ،تاريخ الادب اليونان و الاغريق،مكتبة النهضة، مصر، ١٩٥٦.

١٠. د.مصطفى عبدالرحمن ابراهيم، فى النقد الادبى القديم عند العرب، مكة للطباعة ،القاهرة۔١٩٨٧.

١١. محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث ، دار النهضة ، مصر، القاهرة، ١٩٩٩.

١٢. الأنص في نصوص النقد الأدبي ، ١/٣٦٨.

فارسى:

١. د . عبدالحسين زرين كوب ، شنايى باانقد أدبى، انتشارات سخن،تهران، ١٣٨٨.

ئينگليزى :

١) vol، traduit par patin، Horace ١ II .

٢) Dryden to plato from criticism Guilbert,literary,١٩٥٨

٣) vol، traduit par patin، Horace ١ II .

٤) Cicero De oratore ,١٧٢ ,paris, Bruths,١٩٨٠.

٥) Daiches، aritical Approaches to Literature.

٦) Vol، Atkins. Literary criticismin Antiguit. ١.

٧) Daiches، aritical Approaches to Literature.

٨) Vol، Atkins. Literary criticismin Antiguit. ١,١٩٣٤.

٩) Grube,Op,cit,٤٠٢.

١٠) Apology,٢٢b.

ئينگليزى :

١) vol، traduit par patin، Horace ١ II .

٢) Dryden to plato from criticism Guilbert,literary,١٩٥٨

٣) vol، traduit par patin، Horace ١ II .

٤) Cicero De oratore ,١٧٢ ,paris, Bruths,١٩٨٠.

٥) Daiches، aritical Approaches to Literature.

٦) Vol، Atkins. Literary criticismin Antiguit. ١.

٧) Daiches، aritical Approaches to Literature.

٨) Vol، Atkins. Literary criticismin Antiguit. ١,١٩٣٤.

٩) Grube,Op,cit,٤٠٢.

١٠) Apology,٢٢b.

پوختە

لەئەمڕۆدا ڕەخنەی كلاسیكی، بۆتە بنەماو بنچینەیەكی گرنگی ڕەخنەودیاریكردنی بنەماكانی ڕەخنەگرتن، ئەمەش لە سۆنگەی بۆچوونەكانی ئەرستۆڤانس وسۆكرات و ئەفلاتون و ئەرستۆوە سەرچاوەی گرتووەو بۆچونەكانیان بوونەتە بنەمایەكی زانستی بۆدیاریكردنی بنەماكانی شیعر و پێوانە ڕەخنەییەكان، لەم لێكۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەو پێوانە رەخنەیانە دیاریبكرێت، كە لەئەدەبی یۆنانی و رۆمانیدا هەیە، تاوەكو پێوانەكانیان ببنە بنەمایەكی سەرەكی كاركردن لەدەقە ئەدەبییەكاندا، لێرەوە رەوتێكی رەخنەی بەهێز بۆدەقی ئەدەبی بونیاد دەنرێت .

جگەلەمەش ئەم پێوانە و پێوەرانە لەلایەك هۆكاری هەڵسەنگاندنن، لەلایەكی تریشەوە پێوانەی بریاردانن ، بۆیە چارەنووس و لاساییكردنەوەی دەق لەرێگەی ئەم پێوانانەوە دەبێت.

معايير النقدية في الادب الكلاسيكي القديم

( اليونان و الرومان أنموذجاً )

ملخص البحث

في الوقت الراهن ، يعد النقد الكلاسيكي اساساً وجزء جوهرية من النقد وعملية تحديد مبادئه، وان لهذا المفهوم جذوره في آراء ارسطوفانس وسوقراط و افلاطون وأرسطو،والتي اصبحت اصولاً لفن الشعر، ومعايير للنقد الادبي ، تهدف هذه الدراسة الى تقصي تلك المعايير النقدية التي لها اثر في الادب اليوناني و الروماني والتي يمكن أن تكون مبادىء منهجية قابلة للتطبيق على النصوص الادبية وأن هذا الاتجاه يكتسب زخماً متزايداً في ميدان النقد الادبي .

أضف الى ماسبق ، أن هذه المعايير والمقاييس ليست لتقييم النصوص فحسب ، بل ولاصدار القرارات بشأن مصيرها أو انتحالها وتقليدها.

Criteria of Criticism in Old Traditional Literature

(The Greek and Roman as an Example)

Abstract

Nowadays, classic criticism is a basic and essential part of criticism and identifying the principles of criticism. This notion is originally detected in the views of Aristotle, Socrates, and Plato, which have become the scientific fundamentals of poetry and the criteria of criticism.

This study is an attempt to identify such criteria of criticism found in Greek and Roman literature that can be the main principles to be methodologically applied on literary texts in spite of the fact that they are classic principles.

Additionally, these criteria and standards are not only used for evaluation but also for making decisions whether on the destiny of a text or its simulation.